# شایی و بووکگواستنەوە لە کوردەواریدا

هەردەوێڵ کاکەیی [١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٧/١٠ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٩/٠٢

**کورتە**

کورد لە بواری فولکلۆر و تێکڕای کەلەپووردا زۆر دەوڵەمەندە، بە ڕادەیک شایانی شانازیکردنە، بۆیە کۆکردنەوەیان و پاراستنیان ئەرکی سەرشانی هەر هەموو ڕەوشەنبیرانی دلسۆزە. وەک موزیک، گۆرانی، پەندی پێشینیان، ئیدیۆم، مەتەڵ، چیرۆکی بەرئاگردان، داستانەشیعر، ئەفسانە، پیشەی دەستی وەکو دارتاشی، تەونکاری، حەلاجی، جۆلاّیی، بیناسازی و هیی تریش. نەریتی شایی و بووکگواستنەوە یەکیکە لەو نەریتانەی کورد کە وەک تابلۆیکی جوان و قەشەنگ لە باوباپیران و داوداپیرانەوە وەک میراتی بۆمان ماوتەوە، هەڵپەرکێی کوردی زۆر جوان و بێنەنگە، شایانی گوتنە دەبینین ژن و پیاو، کوڕ و کچ تیایدا بە دڵێکی خاوێن و بە شەوقەوە بەشدار دەبن. ئەم نەریتە زۆر جار دەبێتە هۆی درووستبوونی تەبایی و خۆشەویستی و بتەوکردنی نێوان هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای گەلەکەمان. هەندێک جاریش دەبێتە هۆی درووستبوونی خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و کچێک و لە ئەنجامدا هاوسەرگیریش ساز دەدەن، هەروەها لەم نەریتە جوانەدا زۆر کەس لە هەموو تیرە و بنەماڵەکان و خزم و کەسوکار و هیی تریش بە تەمەنی جیا جیا کۆ دەبنەوە و بە دیداری یەک شاد دەبنەوە و ئاشنایی و خۆشەویستی لەنێوان خۆیان و منداڵەکانیاندا پەیدا دەبێت.

**کلیل وشە:** کورد، کوردستان، فۆلکلۆر، شایی، بووکگواستنەوە، کەلەپوور.

The Quarterly Journal of Shinrwe

١ - نووسەر و فۆلکلۆریست

# Traditional wedding ceremony in Kurdish culture

Hardawel Kakaee [1]

Recive data: 2020/07/10 Accpte data: 2020/09/02


## Abstract

Kurdish is very rich in the sphere of culture and folklore and worthy of appreciation and to be proud of. It is the duty of all loyal Kurdish intellectuals to preserve it. The affluent Kurdish culture include diverse genres of music, songs, proverbs, anecdotes, fables, stories, storytelling, legends, handicrafts, knitting, cotton carding, weaving, architecture and others. The tradition of wedding ceremony, which resembles a beautiful portrait, has been inherited from the old generations. Kurdish dancing is very fascinating where men and women boys and girls engage in dancing eagerly with a kind heart. The ceremony sometimes leads to consolidation and formation of relationships among all classes of the society. Moreover, sometimes the occasion leads to love affairs between young men and young ladies, who eventually they get married. This beautiful occasion results in social gathering among relatives and tribesmen from different age ranges; they get to know each other's families and create friendship between their children too.


**Keyword:** Kurds, Kurdistan, Folklore, Weddings, Wedding ceremonies, Heritage.



1- Writer and Folklorist

**پێشەکی**

وشەی فۆلکلۆر لە دوو وشەی ئینگلیزی پێک هاتووە، وشەی فۆلک کە بەرانبەر (Volkی ئاڵمانی و Folc))ـە لە زمانی ئینگلیزیی کۆندا (بە مانای خەڵک، خەڵکی ئاسایی و عامییانەی کووچە و بازاڕ) و وشەی لۆر (lor) کە لە ئینگلیزیی کۆندا بە مانای (فێربوون، تێگەیشتوویی و زانیاری) دێت. وشەی فۆلکلۆر یەکەم جار لە لایەن (ویلیام تۆماس)ی ئەنتیکەناسەوە بەکار هێنرا. (Georges Robert، 1995).

لە ڕاستیدا (فۆلکلۆر زانستی ئاشنابوونە بە پەروەردەی نافەرمیی زۆرینە «لە بەرانبەر پەروەردەی دامەزراوە فەرمییەکانی فێرکردن و پەروەردە» لەنێو میللەتێکی مەدەنیدا) (هدایت،۱۳۸۴). بە گوزارشتێکیتر، فۆلکلۆر بە (ئەدەبیاتی گشتیی خەڵک) پێناسە کراوە. ئەگەر زانیاری و پاشخانە زەینی و فکرییەکان، ڕەفتار و ئاداب و ڕێوڕەسمی خەڵک بە فۆلکلۆر پێناسە بکەین، ئەوا وەختێک ئەم زانیارییە زەینی و فکرییانە دەخرێنە سەر کاغەز و تۆمار دەکرێن، دەبنە بەشێک لە ئەدەبیاتی گشتی. «فۆلکلۆر» هەم بە بەشێک لە بابەتە فەرهەنگییەکان دەگوترێت و هەم بەو زانستە دەگوترێت کە لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە دەکات. دەربارەی ئەوەی کە فۆلکلۆر بەشێکە لە فەرهەنگ و تەواوکەرێتی، هیچ ناکۆکییەک لەنێوان بیرمەندانادا نییە، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە فۆلکلۆر کامە بەش و بابەتی فەرهەنگی لەخۆ دەگرێت، ئەوا بۆچوونی بیرمەندان لەم بارەیەوە جیاوازە. لە کتێبی «لغتنامە استاندارد فولکلور، اسطورەشناسی و افسانە»دا بیست و یەک پێناسە بۆ فۆلکلۆر دانراوە. زانایانی کۆمەڵناسی، بە تایبەت مرۆڤناسەکان، فۆلکلۆر بە بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەیی دەزانن و وەک مەبەستێکی هونەری و ئەدەبی باسی لێ کراوە و بە شێوە و شێوازێکی جوانناسانە دراوەتە قەڵەم. ئەم دەستەیە، ئەدەبیاتی نووسراو یان گێڕانەوە میللییەکان وەک ئەفسانە، چیرۆک، پەندی پێشینان، گۆرانی، ئەفسوون، موعەمما و ژانرەکانی تری ئەدەبیاتی زارەکی بە فۆلکلۆر دەزانن. ئایینەکان، جەژنەکان، ڕێوڕەسمە مەزهەبی و غەیرەمەزهەبییەکان، یارییە میللییەکان، هونەرەکان، ئیشە دەستییەکان و بیروباوەڕی خەڵکیش بە جیاواز لە فۆلکلۆر دەزانن و بە بەشێکی تری فەرهەنگ دایاندەنێن. «ویلیام باسکام» یەکێک لە مرۆڤناسە ئەمریکییەکان سنووری فۆلکلۆر بە «هونەری زارەکی» دەستنیشان دەکات.

فۆلکلۆر بریتییە لە داستان، پەندی پێشینان، سەمای میللی، گۆرانی و ئاوازی خۆماڵی، لای لایەی دایکان، پزیشکیی خۆماڵی، بیروباوەڕی خەڵک، چاوەزار و تاڵەگری کە لە کوردیدا ئەم بەشانە لەخۆ دەگرێ: بەیت و باو (چیرۆکە شیعرییە حەماسی و دڵداری و کۆمەڵایەتییەکان)، پەندی پێشینان، چیرۆک (حەکایەت و ئەفسانە)، گۆرانی، گاڵتەوگەپ و مەتەڵ. نموونەی نووسراوی ئەم داستانانە لە ئەدەبی فارسیدا بریتییە لە

هەزارویەک شەوە، چیرۆکەکانی سندیباد، ئەمیر ئەرسەلان، حوسەینی کورد شەبستەری و ماسیی عەییار. لە کوردیشدا مەم و زین، خەج و سیامەند ...هتد. هەزاران چیرۆک و ئەفسانە و داستانیش سینە بە سینە لە گوند و شار و پێدەشتەکانی ئەم زێد و نیشتیمانەدا باو بوو کە کەسانێک بە ناوی داستانبێژ لە چاخانەکان یان شەوانە لە ماڵاندا دەیانگێڕایەوە. چیرۆکەکانی دێو و پەرییش بەشێکی گەورە و بەرچاو بوون لە بیروباوەڕی خەڵک و سەرگەرمیی شەوانی درێژی زستان و مایەی ڕەوینەوەی ماندوێتیی هاوینان بوون.

ئەدەبیاتی شیعریی کوردی کە ستران یان گۆرانییشی پێ دەگوترێ بریتییە لە گۆرانییە حەماسییەکان، گۆرانییە سۆزدارییەکان وەک لاوک یان لاوژە، حەیرانۆک، دوورک، پایزوک سوار و گەلو، گۆرانیی سەما و هەڵپەڕکێ، گۆرانیی ئیشکردن و کرێکاری، گۆرانیی مەشکەژەنی، لوریک یان لایلایەی دایکان، شیعری منداڵان و بەیتەکان. (شمس،١٣٩٣: ١٥١). بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی و چۆنیەتیی بابەت و بەشەکانی فۆلکلۆر، تەنیا پشت بەوە نابەستین کە تا چ ڕادەیەک دێرین و کۆنن، بەڵکو بوونی فۆلکلۆر لە ئێستایشدا چۆنیەتیی ئەوەمان پیشان دەدات. بۆ نموونە: شیعرێک کە جێی پەسەندی خەڵک بێت یان گاڵتە و گەپێک یان تەنزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە کاتێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی سەردەم و کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی هونەری خوڵقاوە و بەکار دەهێنرێت، ئەوەیش فۆلکلۆرە. گرنگ نییە لە چ مێژوویەک ئەم شیعرە یان ئەم گاڵتەوگەپە بەم شێوەیە بەکارهێنراوە یان پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندیی میللیی ئەم شتانە بۆ چ ڕۆژگارێک دەگەڕێنەوە.

فۆلکلۆر پەیوەندییەکی دوو لایەنەی بە زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. لەنێو بەشە جیاوازەکانی ئەم زانستانەدا، زیاتر پەیوەندیی بە زمانناسیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسیی فەرهەنگی یا مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە - کە لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوەکان، سستەمەکان، هونەرەکان، ئاداب و سوننەتەکانی نەتەوە زیندووەکانی جیهان دەکات-. وەختێک دەڵێین فۆلکلۆر بەشێکە لە فەرهەنگ، کەواتە دەچێتە ڕیزی ئەو بابەتانەی کە مرۆڤناسی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات. «ڕەشید یاسمی» مامۆستای زانکۆی تاران، یەکەم کەس بوو زاراوەی «فەرهەنگی عامییانە»ی بەرانبەر بە فۆلکلۆر بەکار هێنا. ناوبراو لە قسەکانی خۆیدا لە مانگی ئیسفەندماهی ١٣١٧ی هەتاویدا، دەربارەی چەمکی فۆلکلۆر و ئەو بابەتانەی کە ئەم زانستە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات و دەربارەی پێویستیی کۆکردنەوەی «ئەفسانە، گۆرانی، نەریت، ئاداب و ئەخلاق» دەنووسێ: «چینە باڵاکان و کەسانی خوێندەوار لە ڕۆژوادا، زانیاری و فەرهەنگی چینی لادێیی و عەوامیان کۆکردۆتەوە کە تا ماوەیەک گرنگییان پێ نەدەدرا و لە کۆی ئەمانەدا، زانستێکی تازە هاتە گۆڕێ

کە پێی دەگوترێت فۆلکلۆر، واتە فەرهەنگی عامییانە. ئەم مانایەیش وەرگێڕانی دوو وشەی ئینگلیزییە (فۆلک و لۆر) کە لە ساڵی ١٨٤٦ز و دروست ٩٠ ساڵ لەمەوبەر (١٣٩ ساڵ لەمەوبەر) ئەم زانستە بنیاد نراوە». محمد عەلی فرووغی لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «مرۆڤناسی چییە؟» (ماهنامه آموزش و پرورش آذر ماه ١٣١٧) فۆلکلۆر پێناسە دەکات و دەنووسێ: یەکێک لە پرسە زۆر شیرینەکانی ڕەچەڵەکناسی، شتێکە کە ناومان ناوە کۆمەڵناسی و بە زمانە ئەورووپاییەکان پێی دەوترێ فۆلکلۆر، واتە زانیاریی عامییانەی خەڵک یان مەعلوولاتێک کە لەنێو عەوامدا باوە.

ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی گرنگترین و تەوەریترین سەرچاوەیە بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی کۆنی ناوچە کوردنشینەکان. ئەم ئەدەبیاتە چ شیعر بێ یان پەخشان، ئاوێنەی پیشاندەری فەرهەنگ، مەدەنییەت، مێژوو، بیروباوەڕ، جیهانبینی و تەواوی پرسەکانی ژیانی مرۆڤی کوردە لە کۆندا. (شمس، **١٣٩٣: ١٥**) ئەدەبیاتی کورد، هاوشێوەی ئەدەبیاتی میللەتانی تر، بە تایبەت ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژاوا، لە بەشگەلی وەک ئەفسانە، داستان و بەیت پێک هاتووە. (مستەفا ڕەسوول، **١٣٧٩: ١٥**). لەم گوتارەدا هەوڵ دراوە دابونەریتی هاوسەرگیری و بووکگواستنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باس بکرێ. دکتۆر ئیسماعیل شەمس، قۆناغەکانی هاوسەرگیری لە خوازبینییەوە تا بووکگواستنەوە بەم شێوەیە باس دەکات: ڕاماڵی. هوجبی. دەست ماچکردن. دیاری. گرێبەستی هاوسەری. زەماوەند و بووکگواستنەوە کە شەوێک پێشتر خەنەبەندان دەکرێت. دیدەنی یان دەرپەردانە یان بارکی. (شمس، **١٣٩٣: ١١١**).

**ناوەرۆک**

شایی و بووکگواستنەوە بەو نەریت و ڕێوڕەسمانە دەگوترێت کە لە ئاهەنگی زەماوەند و ڕۆژی گوێزانەوەی بووک لە ماڵی باوکییەوە بۆ ماڵی زاوا، ئەنجام دەدرێن. ئەم ڕێوڕەسمە لە دەڤەری گەرمیاندا لە باشووری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ڕێوڕەسمی شاییەکانی دەڤەرەکانی دیکەی کوردستاندا یەک دەگرێتەوە گەرچی هەندێ سیمای تایبەتی و مۆرکی ناوچەکەشی پێوە دیارە کە دەتوانرێ وەکو خەسڵەتێکی کوردی ناوچەکە باس بکرێت. بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای ئەم ڕاستییانە بین پێویستە باسی جۆرەکانی ژنگواستنەوە لە دەڤەرەکەدا بکەین بۆ ئەوەی هەموو لایەنە ئاشکرا و نائاشکراکانی بخەینە بەرچاو.

پێش بووکهێنان بە چەند ڕۆژێک ماڵی زاوا بانگهێشتی دراوسێ و خزم و کەس و کار و دانیشتووانی ئاوایییەکەیان و ئەو گوندانەی کە لە نزیکی دێکەیانن دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێکیان تەرخان دەکرد، ئەوانیش دەچوون ماڵ بەماڵ پێیان دەگوتن. ئاشنا و دۆست و برادەری گیانی بەگیانی هەموو داوەت دەکرانە

سەر شایی. هەر هەموو ئامادەبووان پۆشاکی خاوێن و نوێی کوردییان دەپۆشی و بەرەو شاییەکە دەچوون. خاوەن شاییش بە هاتنی ئەو خەڵکە سەربەرز و خۆی بە بەختیار دەزانی و بە گەرمییەوە پێشوازی لێ دەکردن. شوێن و جێگا بۆ دانیشتن و هەڵپەڕکێ و نان خواردن ئامادە دەکرا، یا ڕەشماڵیان هەڵدەدا. پێش ئەوەی دەست بە هەڵپەڕکێ بکرێت دەهۆڵ و زوڕناکەیان دەبردە بەر دەرگای ئەوماڵەی کە مردوویان مردووە و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ نەبووە، لەوێ بە دەهۆڵ و زوڕناوە تاوێ ئاوازی (چەمەری)یان پێشکەش دەکرد، کە ئاوازێکی کوردی حەزین و خەماوییە، خاوەن مردووەکەش مۆڵەتی دەدانێ تا شایی بگێڕن. ئەمە بۆ ڕێزلێنان بوو لە مردووەکەو کەسوکاری.

لەولایشەکە بۆ نانخواردنی ئەو خەڵکە چەن سەرە ئاژەڵێکیان سەردەبڕی، پیاو بەجیا نانی دەخوارد ژنیش بەجیا، خزم و کەسوکاری خاوەن زەماوەند و خەڵکی ئاواییەکە پیاو و ژن بۆ ئیشکردن دەست و بازوویان لێ هەڵدەکرد و مەردانە یارمەتی خاوەن شاییان دەدا، دڵسۆزانە خزمەتی ئەو میوانەکانیان دەکرد، تەنانەت کاو ئالیکیشیان بۆ وڵاخی میوانەکان دابین دەکرد، بەڵام لە ئەمڕۆدا ئەرکی کەمترە و شاییش لە یانەکان بە تیپی مۆسیقاوە دەگێڕن و ماوەکەشی تەنیا لە چەند ساتێک زیاتر تێناپەڕێت، خواردنیشیان پارچەیەک کێک، یا بریتییە لە سەموونێک و چەند لەتە گۆشت و پەتاتە و تەماتە کە پێی دەڵێن (لەفە) لەگەڵ ساردەمەنییەکدا.

هەروەها لە ناوەڕاستی ئەو شوێنەی کە بۆ هەڵپەڕکێ تەرخان کرابوو (کوورەیەکی بەرزیان بە ئەندازەی باڵازەلامێک لە قوڕ و خشتی کاڵ دروست دەکرد) کە لە هەندێ شوێندا پێی دەڵێن (فەنەر)، بە شەوان تیایدا ئاگریان دەکردەوە تا ڕووناکی ببەخشێت بەوانەی هەڵپەڕیدەپەڕین، چونکە جاران تا ساڵەکانی پەنجای سەدەی ڕابردوو لە هەموو ئاوایی و لادێکاندا کارەبا نەبوو، بەڵام لە پاشاندا ئەو فەنەرە باوی نەماو چرای (لۆکس) جێگای گرتەوە، ئەوانەی لەو زەماوەندەدا خزمەتیان دەکرد هەرکە پیاوەتی و چاکەی خۆی هێناوەتە جێ، جاری وا بووە ماڵە دەوڵەمەند و خواپێداوەکان سێ ڕۆژ و سێ شەو یا حەوت ڕۆژ و حەوت شەو پێش بووکگواستنەوە زەماوەندیان بە دەهۆڵ و زوڕناوە گێڕاوە، پیاو و ژن کوڕ و کچ پێکەوە دەستیان دەگرت. خۆشترین هەڵپەڕکێی جۆراوجۆریان سازکر دەکرد وەکو (هەی بەلارەوە، چۆپی، ڕۆینە، سنجانە سنجانە، حۆ حۆ لەیلی، کەمەرە لەقێ، سێپێیی، ئامێنێ و دایکێ، شێخانی، ئایشۆکێ، کەمەرەلەرزین، بارەکا بارەکا، هۆ مینا خانم مینا)، جاربەجاریش پیاوان بەجیا و ئافرەتانیش بەجیا هەڵدەپەڕین، جاری وایش بووە هەر هەموویان پێکەوە دەستیان گرتووە و کردوویانە بە ڕەشبەڵەک. هەر جۆرە هەڵپەڕکێیەک ئاوازی خۆی هەیە. جاری واش بووە بە دووزەلە یا شمشاڵ یا بە گۆرانی شاییان گێڕاوە، دوو کەس بە دوو قۆڵی لە زەماوەندەکەدا گۆرانییان

گوتووە و ئامادەبووانیش شایان گێڕاوە. پیاوان هەر یەکە بە چەکی خۆیانەوە بە دەمانچە و تفەنگ نیشانیان پێکاوە، تەقەکردن بەسەر یەکتردا قەدەخە بوو، یەکێکی شارەزایش دەستەسڕێکی گرتووە بەدەستەوە و سەرچۆپی گێڕاوە، جاروبار ئەو دەستەسڕەی بۆ خۆشی ڕاوەشاندووە بۆ ئەوەی زیاتر جۆش و شەوق بدا بەوانەی هەڵپەڕیون، هەندێ جاریش لە پێشیاندا بە زەوقەوە هەڵپەڕیوە و هاتووە و چووە و سەمایشی کردووە، سەرچۆپیکێش بەو کەسە دەگوترێ کە وا یەکەم کەسە لەو تاقمەی کە هەڵدەپەڕن، ئەو کەسەش کە لە کۆتایی ڕیزەکەوەیە پێی دەڵێن (بنە) یان (گاوان)، زۆر گەنج هەن ببڕای ببڕ نەدەبوون بە بنە، لەبەر ئەوەی بە شوورەییان زانیوە، بۆیە هەندێ جار سەرچۆپیکێش بە تەوسەوە بە دەنگێکی بەرز بەو گاوانەی گوتووە: گاوانییەکە یا بنەکە بەرنەدەی ساڵەکەی گرانی و قاتییە نانەکە کۆکەرەوە.

بەزۆریش ئەو کەسانە دەبوونە گاوانئەوانە بوون لە هەڵپەڕکێدا شارەزاییان نەبوو و دەیانویست فێر بن ئەمە لە دێرزەمانەوە هەروا بووە، هەندێ جار ئافرەتیش سەرچۆپیی کێشاوە بەتایبەتی ئەوانەی کە خزمی زاواکە بوون، بۆیە گۆیندەیەکی کوڕ لەم شیعرە فۆلکلۆریانەدا داوا لە ئەویندارەکەی دەکا بڕواتە شاییەوە و ببێت بە سەرچۆپیکێش:

ئەر هەی باڵابەرز تۆ پرچی دەروێش      تەشییەکەت دانێ چۆپییەکەت بکێش

* * *

لەگەڵ تۆمە سەرچۆپیکێش      وردە وردە قاچ پێنە پێش

* * *

شایەرێکی کچیش دەڵێت:      کاکی سەرچۆپی بەرکە بەم لاوە

یان:      هەڵپەڕکێی چۆپی ئەدا لە دەماخ      دەرئەکا لەدڵ ئێش و ئاخ و داخ

هەندێ جار زوڕناژەن، یا دووزەلەژەن، یا شمشاڵژەن دەچووە پێش گۆرانیبێژێکی میللی کە لە ڕیزی شاییەکەدا بووە و داوای گۆرانی لێی دەکرد، ئەویش لەسەر نەزمی شاییەکە دەستی پێ دەکرد. ژەنیارەکەش هەندێ دەنگی ئامێرەکەی هێور دەکردەوە. ئەمەش نموونەیەکە لەو گۆرانییانە:

هەی بەلار و بەلار و بەلارەوە، تۆ سەری باوکت وەرە ماڵەوە
تازە داهاتووە هەی بەلارەوە، خاڵ بە زنجەوە هەی بەلارەوە
دەڵێی مێخەکە هەی بەلارەوە، بە ترونجەوە هەی بەلارەوە
مانگەشەو خۆشە هەی بەلارەوە، گا بە بارەوە هەی بەلارەوە

یەقەی کیژ بەدەست هەی بەلارەوە، هەرزەکارەوە هەی بەلارەوە
هەی بەلار و بەلار و بەلارەوە، تۆ سەری باوکت وەرەماڵەوە
خۆزگەم بەو ڕۆژەی هەی بەلارەوە، وازیمان ئەکرد هەی بەلارەوە
تۆ دەمت هێنا هەی بەلارەوە، من ماچم ئەکرد هەی بەلارەوە
لە دوورەوە تێی هەی بەلارەوە، شیر بە شانەوە هەی بەلارەوە
گۆنات ها بە تۆز هەی بەلارەوە، پەچاڕانەوە هەی بەلارەوە.

ئافرەتانیش بۆ زەوق و خۆشکردن و گەرمکردنی ئەو شاییە بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ هەڵهەڵەیان لێ دەدا، ئەو دەنگە خۆشەیان وەکو زەنگ دەزرنگایەوە. ئەو هەموو دەنگە خۆشانە ئامێتەی یەکتر دەبوون و ناسکترین ئاوازیان لێ پەیدا دەبوو، مرۆڤی سەرخۆش و حەیران دەکرد، پیاوان پارەیان دەدایە چاوەش بۆ شاباشکردنی بووک و زاوا، یا شاباشکردنی ئامادەبووان و دۆست و یاوەر و بنەماڵە و تیرە و هۆزەکانیان، زاوایش یا یەکێ لە خێزانی خاوەن شاییەکە بە شاباشەوە وەڵامیان دەدایەوە. زۆر کەس لەو ئاهەنگەدا چاوی بە دۆست و ئازیز و دڵداری خۆی دەکەوت و چاو و دڵیان بەیەک ڕووناک و گەش دەبووەوە، هەندێ جاریش دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوت و لە شاییەکەدا پێکەوە هەڵدەپەڕین، یا دەبوو بە هۆی چاوبڕکێ و خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و کچێکدا. ئەوانەی کە دەهاتن لە هەڵپەڕکێدا بەشدار دەبوون، ژن لە دواوە دەڕۆیشتە ڕیزەوە و دەستی دەگرت، پیاوانیش لە پێشەوە. منداڵانیش لە دەوروبەری زەماوەندەکەدا کۆ دەبوونەوە و دەستیان بە گەمەکردن دەکرد و ئەو شایی و بەزمەیان بەلاوە زۆر خۆش بوو، مێردمنداڵانیش هەر بۆ خۆشی بە نهێنی چمکی کەوای ژنەکانیان لە پشتەوە گرێ دەدا بەتایبەتی بە شەوان، جا هەر کام لەو ژنانە دەستی بەر بدایە کەوای ئەوی دیکەی ڕادەکێشا و ناچار ئەویش لە ڕیز دەردەچوو، هەندێ جار خاوەنی شایی لەو منداڵانە توورە دەبوون و دووریان دەخستنەوە.

**خەنەبەندان**

زووتر لە کوردەواریدا بۆ ئارایشکردن دەرمانی سووراو سپیاو و کرێم نەبوو، تەنها خەنە و کلی چاورەشتن هەبوو، خێزانی بووکەکە ڕۆژێك بەر لە گوێزانەوەی بووک نەریتی خەنەبەندانیان ساز دەدا، دایکی بووک جوانترین پۆشاکی دەپۆشی، ماڵ بە ماڵ بەسەر دراوسێکاندا دەسووڕایەوە، ژن و دەستەخوشکانی خۆی و بووکەکەی بۆ خەنەبەندانەکە بانگهێشت دەکرد. شمشاڵژەن یا گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشیشیان دەهێنا تا لەو

ئاهەنگەدا بە گۆرانی و ئاواز بەشدارییان لەگەڵدا بکات. لەم نەریتی خەنەبەندانەدا تەنها ئافرەت بەشداری دەکرد، ژنانی شۆخ و شەنگ جوانترین بەرگی ڕەنگامەیان لەبەر دەکرد و خشڵ و متوموروو و گەردەنەی زێڕ و مێخەکبەندیان لە مل و گەردن دەکرد، قۆڵی زیوینی پڕ گۆشتینیشیان پڕە لە بازنگ و گوارەی گوێشیان هەروەکو مرواری دەدرەوشایەوە، پەنجەی شمشاڵینیشیان پڕ لە ئەنگوستیلەی جۆراوجۆری نرخدار دەکرد. خانمی کورد خۆی بە سروشت جوان و خانومانە، سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ سروشتی ڕەنگاوڕەنگی کوردستانی ئازیزدا پێشبڕکێ دەکرد، دەیویست هەروەکو دایکە دڵسۆزەکەی خۆی برازێنێتەوە، بۆیە حەزی لە جوانی و تەرپۆشی و خان و مانییە. کاتێ لە دەوری بووک کۆ دەبوونەوە دەستیان بە چەپڵەڕێزان و هەڵهەڵە و شایی و سەما دەکرد، شمشاڵژەن گەرمی دەکرد، گۆرانیبێژ کوڕ بێ یان ئافرەت بەدەنگی بەرز دەیانچریکاند، بە هەقیقەت هەڵپەڕکێ و شاییەکەشیان پڕ لە زەردەخەنە و خۆشەویستی بوو، بە هەڵپەڕکێی جۆراوجۆری کوردی نەریتەکەیان دەڕازاندەوە.

ئەو ڕۆژە لە ماڵی بووکدا دەبوو بە شایی و لۆغانێکی فرە خۆش، سەرچۆپیکێش گەرمی دەکرد، گۆرانیبێژەکەش لەسەر نەزم و ئاوازی شاییەکە گۆرانییەکی خۆش دەچڕی، بە زۆریش ئەو ئاواز و گۆرانییەیان دەگووتەوە کە تایبەت بوون بەم نەریتە. زۆر جاریش بەیت و بالوورەشیان دەگوت، جا سۆزی شمشاڵ و خشەی کەواو و رشەی کراسی شەدەلاران و زرەی خشڵ و ترپەی پێڵاوی لەنجەلاران تێکەڵ بە یەکتر دەبوون و خۆشترین ئاوازی سروشتی کەللە تەزێن پێک دەهێنا، بەڕاستی ئەوەی ئەو دیمەنە دڵڕفێنە ببینێ کۆسکەوتوویش بێ خەمی دەڕەوێتەوە و خۆشی و ئاسوودەیی دەبێ بە میوانی. لە پاشاندا دەستیان بەر دەدا و بەخۆشی و شادی بەدەم ڕاز و نیازەوە کولیچە و شەکراویان نۆش دەکرد، جاروباریش بووکەکە هەر بۆ خۆشی قورنجکێ لە کچەکانی دەوروبەری دەگرت یا بە مشتۆکە لە پشتیانی دەدا یا بە لەپ دەیدا بە تەوقی سەریاندا، ئەمە بە نییەتی ئەوەی بەختیان هەستێ و بە زوویی شوو بکەن و بگەن بە مراز و ئاواتی خۆیان. لە دواییدا ژنێکی گورجوگۆڵ و ئێسکسووک ئەو قاپە خەنەیە کە پێش ئەوسا گیرابووەوە بەرە و لای بووکەکەی دەبرد، ژنەکان کە چاویان بە خەنە دەکەوت دەستیان بە چەپڵەڕێزان و هەڵهەڵەلێدان دەکرد. دەنگی پیرۆزت بێ پیرۆزت بێ لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە، پێشەکی دەست و پێی بووکەکە بەجوانی لە خەنە دەگیرا، بەدەمئەمەشەو پیرۆزبایی لێ دەکرا و چەند قسەیە خۆشیشی بە چپە پێ دەگوترا، ئنجا ژنەی خەنەگێڕ بە نۆرە بەلای دەستی چەپدا دەسووڕایەوە و یەکە یەکە دەستی ئافرەتەکانی لەخەنە دەگرت، بە کچە ناسکۆڵەکان و جوانە بێوەژنەکانیشی دەگوت: لە خوام دەویست نوخشەی لە ئێوەش بکەوێ، هەندێ جار کۆرپە کچەکان

خۆیان بەو مرازەوە پەنجە تیتەیان دەکرد بە قاپە خەنەکەدا، ئەگەر کوڕی لاویش لەو دەورووبەرە نزیک بووایە ئەوانیش دەهاتنە پێشەوە و بەو نییەتەی دڵدارەکانیان ببێت بە نسیب پەنجەیان لەو خەنەیەدا وەردەدا. دایکی بووکیش لە ژێرپیاڵەدا خەنەی دەبرد بۆ ئەو ماڵانەی کە پێیان نەکراوە لەو خەنەبەندانەدا بەشدار بن، ئینجا ژنگەل بەدەم پیرۆزباییەوە خواحافیزییان لە بووک و دایکی و خوشکەکانی دەکرد و هەرکە بۆ ماڵی خۆی دەڕۆیشتەوە. لە هەندێ شوێندا خەنەیان بۆ ماڵی زاوایش دەبرد تا زاوا بۆ پیرۆزی پەنجە تیتەی دەستی ڕاستی خۆی بەو خەنەیە ڕەنگ بکات. لە دەڤەری کرماشان و ئیلام لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا زاوا و بووک خەنەیان دەگێڕا و بووکەکە دەستی ژنانی لە خەنە دەگرت، خانمێکیش لە دەفرێکدا دووکەڵەی ڕووەکی ئەسپەندەری ئاگرداوە و بۆ چاوەزار و ئێرەیی بە سەروچاوی بووک و زاوادا دەکرد. بە هەقیقەت ئەم جۆرە نەریتانە زۆر جوان و دڵگیرن خۆزگە تا دنیا دنیایە لەنێو میللەتەکەماندا بە گەشاوەیی هەر دەمانەوە. ئەوەیشمان لەیاد نەچێت ئەم نەریتی خەنەبەندانە لە شیعر و گۆرانی فۆلکلۆریدا زۆر ناوی هاتووە لەوانە:

کچێکی دڵتەڕ بە دیالێکتی (گۆران) گوتویەتی:

چەنی کناچەی ئاوایی یەکسەر خەنە بگێڕۆن نە دەست و نە سەر

واتە: با پێکەوە لەگەڵ هەموو کیژۆڵەکانی ئاواییدا خەنە لەدەست و سەرمان بگرین.

گۆیندەش گوتویەتی:

هە کزە لە باوانت کەوێ، یار خەنەبەندانیەتی ماچێک بۆ دەرمانم ئەوێ، یار خەنەبەندانیەتی

لێکیان کردین کۆستیان کەوێ، یار خەنەبەندانیەتی تەماشای قەد و باڵای کەن، یار خەنەبەندانیەتی

ئەم نەریتی خەنەبەندانە لە هەندێ شوێندا لە ماڵی زاوایش کراوە و دەستی زاوایشیان لەخەنە گرتووە، ئەم نەریتە لە هەفتاکانی سەدەی پێشووەوە لە دەڤەری گەرمیاندا بەرە بەرە کەم بووەوە و خەریکە بۆ یەکجاری نەمێنێت. ڕۆژێک پێش گوێزانەوەی بووک ماڵی زاوا ژنێکی قەیرەی قسەزان و ئاقڵی باوەڕپێکراوی شارەزایان دەنارده ماڵی بووک، بۆ ئەوەی ئەو بووکە بە جوانترین شێوە بۆ زاوای بڕازێنێتەوە. دایکی بووکیش ژنێک وەکو ئەو ژنەی ئەوان کە ژیر و خاوەن ئەزموونی هەڵدەبژارد، پێیان دەگوت (پێخەسوو) یا (پاخەسوو) کە لە هەندێ شوێندا پێی دەگوترێ (بەربووک)، ئەمیان لەگەڵ بووکدا دەنارده ماڵی زاوا و شەوێکیش لەوێ دەمایەوە، لەپاش خەڵات وەرگرتن (پەڕۆی کچێنی) بووکەکەی دەهێنا بۆ دایکی بووک و دەگاڕایەوە ماڵی خۆی. جا لەسەر ئەم بەربووکە گۆینده گوتویەتی:

هە جوانترە، هە جوانترە بەربووک لە بووک زۆر جوانترە

یان:

نیسک و نۆک و جاترە        بەربووک لە بووک چاترە

لە دواڕۆژی شاییەکەدا لە کاتی نانخواردنی ژەمی نیوەڕۆدا سفرەیەکی زۆریان ڕادەخست و لە سەر سینی و تەبەق پەیتا پەیتا گۆشت و برنجیان دهێنایە سەر سفرە و دەستە دەستە نانیان بەو هەموو خەڵکە دەدا، چاییشیان نۆش دەکرد. لەپاش نانخواردن بۆ بووک گواستنەوە خۆیان ئامادە دەکرد، جا ئەگەر بووکەکە لە ئاواییەکی دیکە بوایە هەندیٚ دەستوبردیان دەکرد، ماینێکی چاک و ئەمینیان بۆ بووک دەڕازاندەوە، جاری وایش بووە لەسەر پشتی ماینەکە (کەژاوە)یان بۆ ئامادە کردووە، خەڵکی بەخۆشی و زەوقەوە بە سواری ئەسپ و مایین و هێستر و بارگیر دەڕۆیشتن بۆ بووکهێنان، لە ڕێگا سوارەکان ڕەمبازی و سوارسوارانیٚ دەکرد و بە تفەنگ و دەمانچەیش تەقەیان دەکرد و نیشانیشیان دەپێکا، کە دەگەیشتنە بەر دەرگای ماڵی بووک لەویٚ دەیانکرد بە هەرا، بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان ئەو ناوەیان دەڕازاندەوە، گۆرانییەکەشیان بەزۆری بەسەر بووکدا هەڵدەدا وەکو:

هاتینەوە، هاتینەوە، هەتا نەیبەین ناچینەوە

یان:

بووکمان هاورد هاتینەوە، هەتا نەیبەین ناچینەوە

یان:

هاتینەوە، هاتینەوە، بووکمان هێنا هاتینەوە
ئەمان کورتێی کورتە باڵا، قەد شلومل، چاو وەک پیاڵە
بمکوژە خوێنم حەڵاڵە، بووکمان هێنا و هاتینەوە...

ئەگەر بووکەکە هەندیٚ لە دەرچوون دوا بکەوتایە و بەزوویی دەرنەچووبایە ئەوا گۆرانیبێژان وەکو گلەیی دەیانگوت:

هە دەرنایە، هە دەرنایە، قاچمان تەزی بووک دەرنایە
هە دەرنایە، هە دەرنایە، ڕێگا دوورە بووک دەرنایە

جا گۆرانیبێژێکی دیکەیش کوڕ بووایە یا کچ وەڵامی ئەوی دەدایەوە و دەیگوت:

بووکیٚ ئێژیٚ نابم سوار، هەتا زاوا نەبیٚ دیار

یەکێکی دیش لەولاوە دەیگوت:

هە دەرنایە، هە دەرنایە، زاوا حازر بووک دەرنایە سەد ماشەڵڵا لەم گەرمایە، زاوا حازر بووک دەرنایە.

هەندێ جاریش ئەگەر ئامادەبووان و کەسوکاری بووک و زاواکە خۆیی بوایەن بە گەپ و پێکەنین دەیانگوت:

بووکمان هاورد لە (خوڕخوڕە ) لەماڵ باوکی سکی پڕە

یان:

بووکمان هاورد لە دەشتەوە دوو دگانی ها وەدەشتەوە

هەندێ جار ئاغای گوند نەیهێشتووە ئەو بووکە لە گوندەکەیدا بە ئاسانی دەربکرێ تا بە ناوی سوورانەوە لە بەرەی زاوا خەڵاتی وەرنەگرتبێ کە بە زۆری پارە بووە. کە بووک دەردەهات بە چەپڵەرێزان و گۆرانییەوە دەیانگوت:

هاتینەوە، هاتینەوە، بووکمان هاورد با بچینەوە

دایکی و خوشکەکانیشی بە شوێنیدا دەستیان بە نوکەنوک و گریان دەکرد و دووعای خێریان بۆ دەکرد و جامێ ئاوی ڕوونیشیان بە شوێنیدا دەڕژاند بۆ ئەوەی بەبێ وەی بگاتە جێ، بووکەکەش کە ئەوانی بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەبینی ئەمیش هەروەکو ئەوان دەگریا، ئەمە تەنها لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەو بووکە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ ئەو خێزانەدا ژیاوە و ئیتر بۆ یەکجاری لێیان جودا دەبێتەوە. ئافرەتێک یا مێردمنداڵێک لە خزم و کەسوکاری بووک، بەردەرگای لێگرتوون و نەیهێشتووە بووک بێ خەڵات دەربکرێت، یا لە ڕێگەی ماڵی زاوا ئەو ڕێگرییەی لێکراوە، دەستکەوتەکەشی هەر بۆخۆی بووە، بە زۆریش ئەو کەسانە بەم نەریتە هەستاون کە هەژار و نەدار بوون، جا بەم نەریتە دەوترا (دەرپەردانە). زۆرجار لەو کاتەی بووک دەردەکرا باوک و براکانی لەماڵ نەدەمانەوە تا ئەو کەسانەی هاتوون بۆ بووک بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و نەکەونە شەرمەوە، هەروەها پێشیان ستەم بووە ئەو کچە لەپێش چاویاندا لەماڵ دەربکرێت و ببرێت، تەنها برا بچووکەکانی لە ماڵ دەمانەوە. بووک کە لە حەوشە دەردەکرا مێردمنداڵان دەیانگوت (هەلچە، لچە، لچە.. بووکێ بەشم کولچە) بووکیان سواری ئەو ماینە دەکرد کە بۆی تەرخان کراوە، ئنجا دەکەوتنە ڕێ، سوارچاکەکان لە ڕێگادا بە ئەسپ و ماین لە پێشی بووکدا مەشق و سوارسوارانێ و ڕەمبازی و جۆرەها یارییان دەکرد و بە چەکیش نیشانیان دەپێکا. دووزەلەژەن یا شمشاڵژەن لەو کاتەدا مەقام و ئاوازی سوارانەیان بۆ ژەنیون، لە هەندێ شوێندا بەم ئاوازە دەڵێن (ئەسپشا)، خۆشی و پێکەنین و زەردەخەنە وەکو شەکر کلۆکلۆ لەسەر لێو و زاریان باریوە و نەیانزانیوە خەم و پەژارە چییە تا بووکیان هێناوەتە بەر دەرگای ماڵی زاوا، لە

ڕێگایشدا بە تەنیشت هەر ئاواییەکدا تێپەڕ بووبن دانیشتوانی ئەو گوندەش هەر بۆ خۆشی چەند تەقەیەکیان کردووە، ئەمانیش بە تەقەکردن وەڵامیانیان داوەتەوە، ئەگەر منداڵانیش بهاتنایەتە سەر ڕێگایان نوقڵ و شەکرۆکەیان پێشکەش دەکردن.

بەڵام ئەگەر هات و ماڵی بووکەکە لە هەمان ئاواییدا بوایە ئەوە بە دەیان کەس لە پیاوو ژن، کوڕ و کچ و مێردمنداڵ بە چەپڵە ڕێزان و دەهۆڵ و زوڕنا، یا دووزەلە، یا شمشاڵ بەدەم هەڵهەڵە و سەماکردن و گۆرانیی (بووکانە بووکێ)وە ڕۆیشتوون بۆ بووک، لەبەر دەرگای ماڵی بووکدا ئەو خەڵکە جەم دەبوون و چاوەڕوانی دەرکردنی بووکیان دەکرد، ئەو دیمەنە دەبووە ڕەنگینترین تابلۆی فۆلکلۆری، لەپڕ بەربووک و چەند ژنێکی قەیرە بووکیان لەماڵ دەردەهێنا، بووک بە جوانترین خاڵ و پۆشاکی ئاڵاوواڵای خۆماڵییەوە ڕازانراوەتەوە، چاویان بە چاکترین کل و دەرمان ڕشتووە، جۆرەها ملوانکە و گەردەنە و خشڵ و مێخەک و مورووی بەنرخ و مەرجانە سوورەی بووکێنیان کردووەتە گەردن و ملیەوە و لەسەر تەختەی سینگی مەرمەڕینی بەند کراوە، باسکە سپییەکانی پڕ بوون لە بازنگی جۆراوجۆر، پەنجە ناسکەکانیشی پڕ لە ئەنگوستیلەی نایاب و گرانبەها، پەلکی پێچ پێچ و ڕەشی بە وێنەی دوو ڕەشماری بێ ئیجازە شۆڕ بووی سەر جووتە مەمکۆڵانی، زوڵف و ئەگریجەی خاوی پیاوی ژیر و وریای دەهری دەکرد، بۆنخۆشترین عەتر و گوڵاوی نایابی فەرەنگییان لێی داوە، ڕۆژی خەنەبەندانیش دەست و پێیان نەخشاندووە، بووک لە خۆشیدا هەر بزەی لێوی هاتووە و گۆنا خڕ و پڕەکانی جوانتر لە سێوی لاسوورە و دەنووکی کەو ئاڵ و سوور هەڵگەڕاوبوون، دوو تورمەی بووکێنی زەرد و سووریشیان داوە بەسەردا، بەژن و باڵای بەو بەزم و ڕەزمەوە ئەوەندەی تر شیرینتر و ڕێک و پێکتر بووە، یەکێک لە برا بچووکەکانی لەژێر کەواکەیەوە پشتی بە پارچە واڵایەکی ڕەنگامە بەستووە و پێیان گوتووە: یا خوا ئەمە لە نییەتی ئەوەی کە ببێتە خاوەنی ماڵ و دایکی حەوت کوڕ، ئەم پشتێنە شەو زاوا کردویەتییەوە، لە هەندێ شوێندا یەکێک لە دەستەخوشکانی کچەکە یا دایکی ئەم پشتێنەی بۆ بەستووە بەنیازی ئەوەی ژنەکە بە درێژایی ژیانی زاڵ بێت بەسەر مێردەکەیدا. ژنان بۆ ئەم مەبەستە ئامۆژگاریشیان کردووە، بارگەی کەلوپەل و شتومەکی ناوماڵ و مێوژە سوورە و شەکرۆکە یا کولیچە پێچراوەتەوە و لەسەر پشتی وڵاخێکی ئەمین و خۆشڕەوت بەستراوە، وڵاخەکە بە ڕەشمەی گوڵەنگدار و زینی ڕازاوەی بە نەقش و نیگار و هەگبەی ڕێک و پێک بۆ بووک ڕازێنراوەتەوە، بەڵام بەزۆری لە چەند پێخەفێک (نوێن) بەولاوە هیچ شتێکی دیکەیان بەو بووکە نەداوە، لەلایەن یەکێک لە ئافرەتانی خزمی زاوا هەندێک پارەی کراوەتە نێو

گۆرەوی بووکەکەوە ئەمە پێش ئەوەی لە ماڵی باوکیدا دەربکرێ ئەنجامی دراوە، ئەو پارەیە بۆ ئەو ئافرەتەیە کەوا لە ماڵی زاوادا گۆرەوی بووکەکەی داکەنیوە و شتوویەتی.

ئەگەر بە ماین بگوێزرایەوە ماڵی زاوا سێ پیاو لە کەسوکاری خۆیانیان تەرخان دەکرد، یەکێکیان جڵەوی ماینەکەی دەگرت، دووەم ئاوزەنگی ماینەکە تا بووکەکە نەکەوێت، سێیەمیشیان کلکی ماینەکەی بەدەستەوە بووە نەک کەسێکی ناحەز تەڵێک لە کلکی ئەو ماینە هەڵکێشێ و گرێی بدا و ببێ بە هۆی بەستنی زاوا لە شەوی پەردەدا.

ئەگەر بووک بەپێ بچووایە نەدەبوو هەنگاوی گەورە بنێ، دەبوو وردە وردە بەرێگادا بەرەو ماڵی زاوا بڕوات، خۆیشی وا نەنوێنێ گوایە ئارەزووی لە شووکردنە، لەو کاتەدا کە بووک دەردەکرا هەندێ کەس یا بەربووک بەو نیازەوە ماڵی زاوا پڕ لە خێر و بەرەکەت بێ شتێکیان لە ماڵی بووکەکەدا دزیوە وەک (کەوچک، پیاڵە، ژێرپیاڵە، قاپوقاچاخ، ئاوێنە، قۆری، سەرین، پەرداخ) یان هەرشتێکی دیکە کە لەو ئانەدا دەستیان بکەوتایە، لە ئەنجامدا دراوەتە بووک، ئەویش بۆ بیرەوەری لای خۆی پاراستوویەتی، هەروەها بووکیان بە گۆرانی و سەماکردن و چەپڵەرێزان گەیاندۆتە بەر ماڵی زاوا، هەندێک جار بووک ڕازی نەبووە لە ماینەکە دابەزێ تا ماڵی زاوا خەڵاتیان نەکەن، ئەوانەی سەمایان دەکرد ئاوێنەی گەورە و تارای ڕەنگامە و کەوچکی دارینی گەورە (ئەسکۆ) یان بەدەستەوە بووە و ڕووە و پشت لە پێشی بووکەوە ڕۆیشتوون، بۆ ئەوەی بووکەکە خۆی لە ئاوێنەکەدا ببینێت، زاوایش لە سەربانەوە لەگەڵ برازاوا و چەند یاوەرێکیدا ڕاوەستاوە و تەڵە قامیشێکی لەلەکراوی درێژیان داوەتە دەستی، لە هەندێ شوێندا دەستەگوڵ بەسەر قامیشەکەوە بەستراوە، ئەمە هەر بۆ خۆشی و زەوق ئەنجام دەدرا، چونکە گوڵ نیشانەی ئاشتی و خۆشەویستییە، برازاوایش لە دەستەسڕێکدا نوقڵ و چکلێت و شەکرۆکە و مێوژ و گوێز و هەندێک پارە و پوولی وردەی ئامادە کردووە، هەمووان چاوەڕوانی هاتنی بووک بوون، کاتێ بووک لە ماڵی زاوا نزیک بووەتەوە، برازاوا ئەو پارە و نوقڵانەی فڕێ داوەتە سەر بووکەکە، منداڵ و تواڵ بۆخۆیانیان کۆکردوونەتەوە، بە گەیشتنی بووک بۆ بەردەرگای ژووری بووک و زاوا، کاکی زاوا تەڵە قامیشەکەی داوە بەسەر بووکە نەشمیلانەکەیدا و دەستبەجێ بووە بە دوو کەرتەوە؟ چونکە لەوەوپێش بە کێرد لە یەک دوو لاوە لەلە کراوە، لە هەندێ ناوچەدا زاوا لە جیاتی قامیشەکە بە وردە بەرد لە بووکەکەی داوە، دەڵێن ئەمە بۆ ئەوە ئەنجام دراوە تا ئەو ئافرەتە چاوترس بێت لە مێردەکەی، لە هەندێ شوێنی دیکەی کوردەواریدا بە گەیشتنی بووک بۆ بەر دەرگای ژووری زاوایی نانێکی بتوونی بەسەردا لەت کراوە و دابەشیان کردووە بەسەر خەڵکیدا، یا برنج یا گەنمیان بەسەردا ڕژاندووە بۆ ئەوەی سەر بەخێر بێ و ببێ بە

خاوەنی ماڵ و منداڵ، کە بووک دادەنیشت بە خێرایی منداڵێکی کۆرپەی نێرینەیان لە باوەشی دادەنا بەو هیوایەی نۆبەرەکەی کوڕ بێت، زاوا لەپاش خۆراوا کە دەچووە ژوورەوە دەبوو لە بووکەکە بخوڕێ و پێیشی بنێتە سەر پێیدا بۆ ئەوەی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە زاڵ بێط بەسەریا و بەچاکی خزمەتی بکات، بووکیش بەش بەحاڵی خۆی هەوڵی داوە لەپێش زاوادا بەو نیازەوە ئەو کارە بکات.

ئەو کەسەی کە وەکو پێشەنگ جڵەوی مایەنەکەی ها بەدەستەوە، لەدوای دابەزینی بووک سواری ئەو مایەنە بووە و تاوێ چاک لە پێشی جەماوەرەکەدا ڕەمبازیی و غارغارێنێی کردووە، ئنجا ئەو مایەنەیان بردووە لە ژوورێکی تایبەتیدا بەستووەتەوە بۆ ئەوەی کەس دەستی پێ نەگات تا کاکی زاوا بووکەکەی دەکا بە ژن، بووکیش لەدوای ئەوەی هەندێ پشوو دەدا تاوێک لە دەستی زاوادا هەڵدەپەڕێ، بۆ ئەوەی خەڵکەکە ببینن و بزانن جوانە یانا، لەپاش ئەوەی بووک دەگەیشتە جێ ئیتر بەرەبەرە خەڵکی لەپاش پیرۆزبایی و خواحافیزی کردن شاییەکەیان چۆڵ کردووە و هەریەکە بۆ ماڵی خۆی ڕێی گرتووەتە بەر، سەر لە ئێوارە لەپاش بەزاوابوونی زاوا چەند تەقەیەکیان کردووە، یا زاوا خۆی لە پێشی ئەواندا ئەو تەقەیەی کردووە، بۆ ئەوەی بە خەڵکی بگەیەنن کە زاوا بەزاوا بووە و بووکەکەش ڕوو سوورە، واتە: داوێن پیسی نەکردووە، زاوا کە دەچووە دەرەوە یەکسەر دەچوو دەستی دایک و باوکی یا گەورەی خۆی ماچ دەکرد وەک مام، یا برا گەورە، دایکیشی دەستی کردۆتە مل و ئەملاوئەولای ماچ کردووە. زاوا هەرچەندە زووتر ببێ بە زاوا پتر بۆی ئازایی و کەڵەمێردی بووە، لەپاش دەرچوونی زاوا پێخەسوو دەستبەجێ چووەتە ژوورەوە و هەڵهەڵەی لێداوە و نێو تەوێڵی کچەکەی ماچ کردووە، ئنجا دایک و خوشک و پوور و خزمانی زاوا و ئەو ئافرەتانەی لەوێ مابوونەوە ڕۆیشتوون بووکەکەیان ماچ کردووە و پیرۆزباییشیان لێ کردووە، لە دواییدا ئەو دەستەسڕەی لەژێر بووکدا دانراوە بۆ ئەوەی خوێنەکەی برژێتە سەر پێخەسوو بردوویەتی بۆ ماڵی باوکی بووکەکە و داویە بە دایکی بە نیشانەی ئەوەی کە کچەکەیان ڕووسوور بووە، واتە: کچ بووە، ئەمەش سەربەرزییەکی گەورە بووە بۆ ئەو کچە و کەسوکارەکەی، دایکی بووکەکە ژنانی دراوسێ و خزمانی دەور و بەریانی لە ماڵی خۆیاندا کۆکردووەتەوە و پەڕۆی (کچێنی)یەکەشی لە پێشیاندا داناوە و پیشانیانی داوە ئەوانیش بە پێی توانا پارەیان خستۆتە سەر، ئەو پارەیە دراوەتە پێخەسووەکە کە لە تەکیاندا ئامادەیە بەرامبەر بە هەقی ئەرک و ماندووبوونەکەی، ئەوانەی بانگهێشت کراونەتە سەرشایی هەرکەس بەشبەحاڵی خۆی لە ئاژەڵ و برنج و کەللەشەکر و ڕۆن و جگەرە و پارە یارمەتی خاوەن شاییان داوە، واتە کەس بەدەست بەتاڵی نەچووەتە سەر شایی، خاوەن شاییش لە دەستەسڕێکدا هەندێک نوقڵ و شەکرۆکە و مێوژی داونەتێ، بەڕاستی ئەم نەریتە یارمەتییەکی چاک بووە بۆ

خاوەنی شایی، هەندێ جار بەر لە گواستنەوەی بووک ئەو دەستەسڕ و شەکرۆکەیە بەشراوەتەوە، هەروەها ئەوە بەڵگەیەکە بۆ هەرەوەزی و یەک گرتن و خۆشەویستی کۆمەڵانی نەتەوەکەمان.

جاران ئافرەتان لە یەکەم ڕۆژدا لەپاش بەزاوابوون کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەستەدیاری و سۆغەوە ڕۆیشتوونەتە لای بووک و دیدەنییان کردووە، بەو دیارییە وتراوە (سەرلەچەکانە). هەروەها خواردنیشیان دروست کردووە و لەسەر سینی بۆ زاوا و بووکیان بردووە و پێیان وتووە (کاسە و سفرە)،ماڵی زاوایش لەجیاتی ئەم ڕێز و ماندووبوونە چکلێت و کولیچە یا میوەیان خستووەتە سەر سینییەک و بۆیان ناردوونەتەوە، یا پارچە قوماشێکیان بۆ ناردوون، دیارییەکان دراونەتە (پێخەسوو)ەکە، بەڵام ئێستا لە ڕۆژی هەفتەیدا ئەنجام دەدرێ و پێی دەڵێن (هەفتانە) هەموویشی بۆ بووکە، پێخەسوو هەر هەمان ڕۆژ بە دەستبەتاڵی دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و چاویشی لە دەستی کەس نییە، نەریت وەها بووە هەر پیاوێکیش لە ماوەی هەفتەیەکدا دیدەنی بووکی بکردایە دەبوو خەڵاتی بکردایە کە پێیان دەگوت (شەرمەشکانە)، لەدوای هەفتەیەک دایکی بووک دیاری کڕیوە و لەگەڵ دوو سێ ژنی دیکەدا چوونەتە ماڵی زاوا و نانی ژەمی نیوەڕۆیان لەوێ خواردووە، لەپاش چاخواردنەوە بووکەکەیان بردووەتەوە و گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان، بەم ڕۆیشتنەوەی بووکەکە دەڵێن (باوەنخوونی) یا (باوەخوون) هەندێ جار دایکی بووک نەچووە، بەڵکو ماڵی زاوا بە زاوا و هەندێ لە کەسە نزیکەکانی بووکەکەیان باوەنخوونی کردووەتەوە، لەوێ پێنج شەش ڕۆژێک ماوەتەوە ئنجا مێردەکەی چووەتە شوێنی و هێناویەتیەوە، زۆرجار لەو دیدەنیەدا یا لە پاش مانگێک ماڵی باوکی خەڵاتی کچەکەیان کردووە، دیارییەکەش بریتی بووە لە گوێرەکەیەکی مێ یا مەڕێک یا زیاتر، بووکەکە بەم دیارییە زۆر دڵخۆش و بەختەوەر دەبوو، لە ماڵی غەزووریشیدا شانازی پێوە دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا ئەو ژنە خۆی بە خاوەنی ماڵ بزانێ و سوودیش لە بەروبوومی ئەو ئاژەڵانە ببینێت، هەروەها خزم و دۆست و یارانی زاوا و بووک تا ماوەیەک هەردوکیانیان داوەت کردووە. ئەمەش پارچە شیعرێکی فۆلکلۆرییە کەوا بۆ شایی و بەسەر بووکدا گوتراوە:

بووکانە، بووکانە، بووکێ / بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ

بووک ئێمە بووک نییە بووکێ / سەر تا پێی قووتنییە بووکێ

بووکمان هاورد لە دوورەوە / وە تورمەی زەرد و سوورەوە

ماینێ بێنن ناڵکەن بووکێ / بووکێ بێنن سوارکەن بووکێ

بووکێ ئێژێ نابم سوار / هەتا زاوا نەبێ دیار

ئەو جێ بووک لێی ششتن بووکێ / ساوین بەجێ هێشت بووکێ

دایک بووک خۆی کوشتبو بووکێ / هە دەرنایە، هە دەرنایە

هەرچەند ئەکەم بووک دەرنایە / بە سەروماڵ بۆم دەرنایە

بووکانە، بووکانە، بووکێ / بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ

وەکو دەزانین نەریتی بووک گواستنەوە لە ئەمڕۆدا نەک تەنها لە دەڤەری گەرمیاندا بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستاندا بە ئۆتۆمبێل ئەنجام دەدرێ و بەنێو بازاڕیشدا تاوێ دەیسووڕێنن، لە پاشاندا دەیبەن بۆ ستۆدیۆ و زاوا و بووک بۆ یادگاری پێکەوە وێنە دەگرن، لەدواییدا دەچنەوە ماڵ، هەندێ زاوا و بووکیش دەستی یەک دەگرن و بەجووتە دەچن بۆ مانگی هەنگوین و لەپاش چەند ڕۆژێک دەگەڕێنەوە.

## ژنبەژن

نەریتی ژنبەژن لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بە شێوەیەکی گشتی باو بووە، بۆ نموونە یەکێ خوشکەکەی دەدا بەشوو، خوشکی ئەو کەسەی دەهێنا کە وا خوشکەکەی خۆی لێ مارە کردووە، یا باوک کچەکەی خۆی داوە بەشوو کچی ئەو ماڵەشی بۆ خۆی خواستووە، یا کەسێک کچی خۆی داوە بە کەسێک و خوشکی یا کچی ئەو کابرایەشی بۆ براکەی مارە کردووە، جاری وایش بووە کچی یەکێکیان کوڕەکەی نەویستووە، بەڵام گوێیان پێ نەداوە و بە هێزی خەنجەر و تێهەڵدان داویانە بەشوو، بۆیە هەندێ جار کچەکە لە قاراندا خۆی دەکوشت یان خۆی دەسووتاند. جاری وا بووە یەکێکیان یەک دوو ڕۆژ یا زیاتر پێشی ئەوی دیکە شایی دەکرد و ژنی خۆی دەگواستەوە، بەڵام بەزۆری لەیەک کاتدا شاییان کردووە و بووکی خۆیان گوێزاوەتەوە و لە ناوەڕاستی ڕێگەش لە شوێنێکی دیاری کراودا هەردوو بووکەکە یەکیان دەگرتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێکیان پێش ئەوی دیکەیان بگەیشتایە ئەو جێگایەی دیاری کراوە ئەوە لەوێدا بووک ڕادەگیرا و لەشکری بووکیش لەو دەشت و چۆڵەدا دەستیان کردووە بە هەڵپەڕکێ و شایی تاوەکو بووک و باروبارخانەی ئەوی دیکە گەیشتۆتە ئەوێ، لەشکری هەردوو بووک یەکیان دەگرتەوە و هەردوو بووکەکەیان دادەبەزاند و لەگەڵ یەک دوو ئافرەتدا هەندێ لەو خەڵکە دوور دەکەوتنەوە، ئافرەتەکان جاجمێک (مەوج)یان پۆپەژمێنێگیان دەگرتەوە و هەردوو بووکە دەچوونە ژێرەوە و یەکتریان ماچ دەکرد و دەرزی یا (دەرزی بەریاقە)کانی خۆیانیان دەگۆڕییەوە و دەهاتنەوە بۆ لای جەماوەرەکە و هەمیسان سواری ماینیان دەکردنەوە، ئنجا هەریەکە بە خێرایی بووکی خۆی وەردەگرت و بەرە و گوندی خۆیان دەگەڕانەوە. هەندێ جار لەسەر دواکەوتنی بووکێکیان بۆ شوێنی دیاریکرا و کێشەیەک یا گۆبەندێک ڕووی دەد او دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ژنبەژنەکە، گوایە ئەوان خۆیان لەمان بەپیاوتر زانیوە.

خاوەن شاییەکە هەرکە لای خۆیەوە مەسرەفی شایی خۆی دەگرتە ئەستۆ، جاری وایش بووە ژنبەژنەکە گەورە بە بچووک یا بچووک بە بچووک لەسەر مەلۆتکە پێک هاتووە و مارەیان کردوون، کاتێ گەورە بوون جارێکی دیکە خوازبێنیان کراوەتەوە و زەماوەندیان بۆ گێڕاون، ئەم نەریتە کۆن و ساکارە هەرچەندە لە ڕاستیدا پەسەند و دروست نییە، بەڵام بەڕای ئێمە هۆکاری پەیدا بوون و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆی سەرەکی:

* لەبەر هەژاری و دەست نەڕۆیی خەڵکی پێشوو نەیانتوانیوە بە ئاسانی ژن بۆ کوڕەکانیان بهێنن، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر ئەم نەریتە و توانیویانە لەم ڕێگایەوە بۆ کوڕە لاوەکانیان ژن بهێنن و کیژەکانیشیان بە مێرد بدەن یا ئەو پیاوانەی کە بەتەمەن بوون نەیانتوانیوە ژن بهێنن ئەگەر ئەم ڕێگایە نەبوایە، بەڵام گەلێ جار ئەم ژنبەژنە هەردوو خێزانەکەی تووشی کۆسپ و تەگەرە کردووە تەنانەت گەیشتۆتە جودابوونەوەی هەردوو ژنەکە لە پیاوەکانیان، سەیر لەوێ بووە هەرچەندە ژنێکیان مێرد و ماڵی خۆی ویستبایە و ئارەزووی لەو بەزم و ڕەزمە نەبووایە بەڵام باوک و برا و کەسوکارەکەی گوێیان نەداوەتێ و بە زۆرەملێ ڕایان کێشاوە و براوەتەوە لای خۆیان و بە تەڵاقیان داوە، بۆیە پێشینان گوتوویانە (ژنبەژنی قوڕبەسەری) ئەگەر بووکێک ماڵی غەزوور و مێردەکەی بۆی خراپ بووبێتن، بووکەکە دەیگوت: (ئەڵێی لە خوێندا دراوم) چونکە زووتر کە دوو بنەماڵە یا هۆز دوژمنایەتی و پیاوکوشتن لە نێوياندا ڕووی بدایە، بۆ بنبڕکردنی کێشەکە ژنیان بەیەکتر دەدا و ئاشت دەبوونەوە.

* زۆرجار ئەم ژنبەژنەیان ئەنجام داوە لەبەر نەهێشتنی ناکۆکیی و بەتینکردن و بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان دوو بەرەباب یا بنەماڵە یا دوو خێڵ تا لەیەک نزیک ببنەوە و نەوەکانیشیان ببنە خاڵۆ و خاڵۆزا و پوورزا، وەکو لەم پەندەدا دەردەکەوێت:

+خزمت کێیە؟

-هێشتا ژنم نەهێناوە.

+خزمی ژنان بەرەبەرە، خزمی پیاوان دەربەدەرە

ئەگەر کچێکی مارەبڕاو یا پاش شووکردنی لە ڕۆژێکەوە تا چەند مانگێک مێردەکەی بمردایە ئەوە دەیانگوت: ئەو کچە سەرەخۆرە، بۆیە زۆر کەس ئیتر نەیدەوێرا بۆ خواستنی تخونی بکەوێت، وایان دەزانی هەر کەسێک بیخوازآێت، ئەویش وەکو مێردی پێشووی دەمرێت، بەڵام ئەگەر هاتو کچەکە یا ژنەکە بمردایە ئەوە کوڕەکەیان بە شووم نەدەزانی ئەگەر ئەوە بۆ چەند جارێکیش دووبارە ببوایەوە.

ئەگەر لە ڕۆژانی شاییدا باران بارییایە دەیانگوت: ئەو بووکە سەربەخێرە، ئەگەر کەسێک لە خزمی بووک یا زاوا یا دراوسێکەیان بمردایە یا تووشی چۆرتمێک ببوایە دەیانگوت: بووکەکە پێ و قەدەمی شووم بوو.

### گواستنەوەی بووک بە نهێنی (پەلکێش)

مەبەست لەم نەریتە ئەوەیە کە بووک بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاشکرا نەگوێزراوەتەوە بۆ ماڵی زاوا، بەزۆری لەپاش ڕۆژئاوا بەنهێنی پەلکێش کراوە بۆ ئەوەی کەس ئەو بووکگواستنەوە نەبینێ، هۆکارەکەشی لەچەند خاڵێکدا دەستنیشان دەکرێ:مردنی کەسێکی خاتردار یا خزمێکی نزیک بەزاوا یان بووک کە ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕیبێت، ئەمە لە کوردەواریدا نەریت وابووە وەکو ڕێزلێنان لە مردووەکە و کەسوکاری.

جاران بۆ زۆربەی هەرەزۆری بێوەژنەکان شاییان نەگێڕاوە و بە نهێنی لەژێر پەردەی تاریکی شەودا گواستویانەتەوە، چونکە لە کچێنیدا ڕێزیان لێ گرتوون و شاییان بۆ گێڕاون، بۆیە ئیتر دووبارەی ناکەنەوە، هەشبووە شایی بۆ گێڕاوە بە تایبەتی ئەگەر کوڕەکە گەنج بووایە و بووکەکەش جوانەبێوەژن بووایە بەڵام ئەگەر بووکێک کچ بوایە و پەلکێش کرابایە، تا لە ژیاندا مابوو لەیادی نەدەچوو، هەمیشە خۆی بە خەمبار و مافخوراو دەزانی، جاربەجاریش بۆ دەستەخوشکانی گلەیی دەکرد و دەیگوت (بەختە ڕەشەکەی من وابوو پەلکێش کرام)

* بەسرانی زاوا: فرەجار زاوا بۆ چەند ڕۆژێک یا هەفتەیەک بە (زاوا) نەبووە، واتە: بووکەکەی نەکردووە بە ژن، دەڵێن گوایە زاوا بەستراوە، دەیانگوت ئەمە بەهۆی ئەوەوە بووە ناحەزێکی زاواکە یا بووکەکە بەنیازی بەستنی زاواکە نوشتەی بۆ ساز کردووە یا لە کاتی مارەبڕیندا بە نهێنی قفڵێکی کلیل داوە، یا پەتێک، دەزوویەک، پارچە پەڕۆیەک یا چەند تەڵە موویەکی گرێ داوەو لەژێر خاک یا لەپاڵ گۆڕێک لە گۆڕستاندا لەژێر گڵ هەشاریان داوە، یا خستویەتی نێو دەریا، یا ڕووبار، یا جۆگەی ئاوەوە، یان بۆ هەمان مەبەست لە کاتی دەرکردنی بووک لە ماڵی باوکیدا هەندێ (کل)یان خستۆتە ژێر پێیەوە، یان ئەو کلەیان خستۆتە نێو هەگبە و باروبارخانەی بووکەوە، جا کەسوکاری زاواکە لە ترسی ئەم نەریتە لە کاتی مارە بڕیندا تەنها خزم و کەسانێکی باوەڕپێکراوی خۆیانیان بانگ کردووە. هەروەها لە کاتی دەرکردنی بووکیشدا ئەوەیان پێڕەو کردووە و ئاگایان لە بووکەکە بووە نەک ناحەزێک زاواکە ببەستێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە زاوا، یان بووکەکە لەگەڵ چەند ژنێکی قەیرەدا دەچوونە لای مەلایەک یا نوشتەنووسێک، ئەویش بە پارە نوشتەیەکی بۆ ئامادە دەکردن و لەپاش قەمچ کردنی دەیدا بەدەستیانەوە، یان هەندێ دوعا و سوورەتی فاتیحەی بەسەردا دەخوێند و بر

بووکەی دەگوت: برۆ ئەوە نوشتەی پێشووم پووچەڵ کردەوە، ئەویش بەمە دڵنیا دەبوو، لە ئەنجامدا زاواکە، زاوا دەبوو، لە ڕاستیدا ئەم زاوا نەبوونە وا نییە بەڵکو بەزۆری پەیوەندی بە باری دەروونی زاواکەوە هەیە.

## ئەنجام

نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی زیندووی جیهان خاوەنی فۆلکلۆر و دابونەریتی تایبەت و ڕەسەنایەتی بە خۆیەتی وەک مۆسیقا، ئاواز و گورانی، پەندی پێشینیان، ئیدیۆم، مەتەڵ، چیرۆکی بەرئاگردان، داستانەشیعر، ئەفسانە، پیشەی دەستی: وەکو دارتاشی، هەلاجی، جۆلایی، بیناسازی... هەر هەمووشیان مۆری ڕەسەنایەتی میللەتەکەمانی بە زەقی پێوە دیارە، وەک لەم نووسینە بەدرێژی لەسەر دواین، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەو گۆڕانە گەورە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە، زۆرێک لەم دابونەریت و کەلەپوورە کۆنانە کاڵ بوونەتەوە یان فەوتاون، یانیش لەبەردەم فەوتان و بزربووندان، کۆمەڵێک دابونەریتی نوێ جێگەی گرتووەتەوە کە ئەو جوانی و هونەرە ڕەسەنەی کوردی نییە، هەروەها ئەو تام و چێژە کوردەوارییەی جارانیشی نەماوە. ئاهەنگەکانی زماوەند و بووکگواستنەوە ئێستا سادە و سەرپێیین و ئەو ناوەڕۆکە کولتوورییە کوردییەی نەماوە کە جاران هەیبووە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و پێکەوەگرێدانی خێزان و خزم و تاکەکانی کۆمەڵگەش کە لە ڕابردوودا هەبووە، ئێستا ئەویش وەک جاران نییە. لەجیاتی مۆسیقای کوردی کە جاران دەهۆڵ و زورنا و شمشاڵ و دوزەلە ژەنین بوو، ئێستا ئامێری مۆسیقای ئەوروپی جێگەی گرتووەتەوە، هەڵپەڕکێی کوردی ماوە، بەڵام ئەو گۆرانی و ئاوازە فۆلکلۆرییەی جاران نەماوە، ئەو جلوبەرگە کوردییەی جارانیش کە خەڵک لە شایی و بووکگواستنەوە دەیان پۆشی ئەویش کاڵ بووەتەوە، ئەوەی ئەمڕۆش لەم بۆنانە لەبەر دەکرێن، بەو هونەر و وردەکارییەی جاران نییە. بەم پێیە چاوەڕێ دەکرێ ئەم کەلەپوورە دەوڵەمەندەی کوردی زیاتر بەرەو فەرامۆشی بچێت و نەوەی نوێ ئیتر ئەم ڕابردووە نەناسێتەوە، بۆیە لەپێناو پاراستنی ئەو کەلەپوورە ڕەسەنە کوردییە پێویستە دەزگا فەرهەنگییەکان هەوڵی بووژانەوەی بدەن و وەک ناسنامەیەکی گرنگی ژیانی کوردەواریش بایەخی پێ بدەن و لە کۆمەڵگە هەمیشە بە زیندوویی بهێڵنەوە.

بێگومان بەشێکی ئەم کەلەپوورە دەوڵەمەندەش، کۆمەڵێک دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی هەبووە کە چەوسانەوەی ژن و پیاوی تێدا بووە، ڕەنگە لە هەندێک هەلومەرج چەوسانەوەی ژن زیاتر بووە کە بووە بە هۆی خۆکوشتن یان خۆسووتاندنی ژن، بۆیە زۆر گرنگە لەباسی کەلەپوور ئەم ڕووە ناشیرین و دواکەوتووەی کەلەپووری کوردی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و چیتر لە ژێر ناوی کەلەپووری پێشینان مرۆڤ

نەچەوسێندرێتەوە و ژن بەزۆر بە مێرد نەدرێت و ژنبەژنی نەکرێت، بەشە میراتی ئافرەت نەخورێت، نەخت و مارەیی ئافرەت لە لایەن باوک و براکانی نەخورێت، باوک کچی خۆی بە شوو نەدات بۆ ئەوەی ژنێکی دی بۆ خۆی بێنی، شیربایی وەرنەگیرێت، توندوتیژی دژی ژن و لە خێزان نەمێنێت .. ئەمانە و زۆر دابونەریتی دواکەوتووی دیکە کە جاران هەبووە ئەمڕۆ خۆشبەختانە ئەمانەش کەم بوونەتەوە یان هەر نەماون، بۆیە گرنگە پلانی کولتووری هەبێت بۆ پاراستنی ڕێوڕەسم و دابونەریتە جوان و ڕەسەنەکانی کوردی و لەپاڵ ئەوەش هەموو ئەو دابونەریتە دواکەوتووانەش هەوڵ بدرێت بنبڕ بکرێن و لە کۆمەڵگە نەمێنن.

**سەرچاوەکان**

1 -بەرزنجی، جەعفەر شێخ حوسێن (١٩٨٦) چەند مەڵۆیەک لە شارای فۆلکلۆری کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی (نرمان).

2 -زەینەب شوکر محەمەد کاکەیی (١٩٥٥ز) خانەقین.

3 -شمس، اسماعیل (١٣٩٣) فولکلور و تاریخ کرد، قم مجمع ذخائر اسلامی موسسه تاریخ علم و فرهنگ.

4 -کاکەیی، هەردەوێل (٢٠١٣). کەشکۆڵی کوردەواری، چاپخانەی کەمال، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی.

5 -کاکەیی، هەردەوێل (٢٠٠٨). پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ناوچەی کەرکووکدا، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

6 -کاکەیی، هەردەوێل؛ ئیبراهیم باجەڵان (٢٠٠٥) هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیی ناوچەی گەرمیان، بەرگی٣، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

7 -گۆڤاری بەیان ژمارە ٥٨، کانوونی یەکەم، ١٩٧٩، ل٦٩

8 -گۆڤاری کاروان ژمارە ١٥٤، ساڵی ٢٠٠١

9 - مستەفا ئەحمەد مستەفا (١٩٥٠ز) گۆرانیبێژی میللی خورماتوو، بە مستەفا نانەوا ناسراوە.
10 - مصطفی رسول عزالدین (١٣٧٩). پژوهشی در فولکلور کردی، مترجم عرفان صاحبی، انتشارات صلاح الدین ایوبی.
11 - مەقامزان (مام شەوکەت خورشید کاکەیی-١٩٣٦ز)
12 - مەقامزان (شوکر محەمەد قادر، ١٩٤٠ز) کەرکووک.
13 - (مینا وارانی بابا ١٩٢٢-٢٠١١ز) ئاوایی تۆپزاوە، داقوق، کەرکووک.
14 - (نەشمیە غەیبوڵڵا سەلیم ١٩٣٩-٢٠١٢) ئاوایی تۆپزاوە، داقوق، کەرکووک.
15 - هدایت صادق جمع آوری فرهنگ عامه، نقل از مجله سخن ، منبع : وب سایت شورای گسترش زبان و ادبیات فارسی 3/3/1384 . (www.persian – language.org) .
16- etymonline.com/search?q=folklore&ref=searchbar_searchhint
17-Georges, Robert A. Michael Owens Jones, "Folkloristics : An Introduction," Indiana